دۆناڵد ترەمپ هەڕەشە لە میسر و ئوردن دەکات

سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند، هاوکارییەکانی میسرو ئوردن دەوستێنێت ئەگەر ئاوارەکانی غەزە وەرنەگرن. میسریش بەیارمەتی رەتکردووەتەوە.

ئەمە سەشەمە، دوای ئەوەی دۆناڵد ترمپ سەرۆکی ئەمریکا بەیاریدا ئاوارەکانی غەزە بنێرێتە میسر و ئوردن و نەگەڕێنەوە بۆ خاکی خۆیان.

لە لایەکی ترەوە بەدرەبدولعاتی وەزیری دەرەوەی میسر رایگەیاند، ئیدارەی ترەمپمان ئاگادار کردووەتەوە کە وەتانی عەرەبی پشتیوانی فەڵەستینییەکان دەکەن و پلانی ترەمپ رەتدەکەنەوە بە دوبارە ئاوارەکردنیان و کۆنترۆڵکردنی غەزە لەلایەن وەتانی دیکەوە.

لەبەرامبەریشدا، دۆناڵد ترەمپ دەڵێت، ئەگەر میسر و ئوردن ئاوارەکانی غەزە وەرنەگرن، ئەوا سەرجەم هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ ئەو دوو وەتە رادەگرێت.